# دەسەڵات لە ئیسلامدا لەنێوان دەق و جێبەجێکرندا

## ڕەوایەتی پێدانی خیلافەتی (عثمان بن عفان 23- 35ك/644–656ز) وەك نمونە

**کامەران جەمال حەسەن [1]، کامەران عەزیز عەبدوڵا[2]**

[1,2] بەشی مێژوو، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

خەلیفە لە هەرەمی دەسەڵاتی ئیسلامیدایە. لە حالەتی ئاسایی، لە ڕێگەی متمانەی ئەهلی حەل و عەقد (اهل الحل و العقد) و پاشان بەیعەتی گشتییەوە ڕەوایەتی وەردەگرێت، بەڵام جیاوازی لە نێوان لایەنی تیۆری و لایەنی کردەییدا هەبووە، ڕەوایەتیپێدان بە خەلیفە ڕێککار و مەرجی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەوەش لە دەقە شەرعییەکان و ئەو بنەمایەوە سەرچاوەی گرتووە، کە خیلافەت بە دەق یەکلایی نەکراوەتەوە، مافی مسوڵمانانە خەلیفە بۆ خۆیان دیاریبکەن، بۆیە لێرەوە ڕێککارو کۆمەڵێك مەرج، بەڵام شێوازی ڕەوایەتیدان بە (عثمان بن عفان) نمونەیەکی جیاواز و ناوێزە بووە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا جیاوازی لەگەڵ لایەنی تیۆری هەبووە ، بەپشتبەستن بە سەرچاوە بنەڕەتییەکان، هاتوین لە دوای خستنەڕوی وردەکارییەکان بەراوردی لایەنی تیۆری و کردەییمان کردووە. دانانی خەلیفە عوسمان لە خەلیفەکانی دیکە زیاتر پرس و ڕاوێژی لەسەر کراوە، پانتایەکی زیاتر بەشدار بوون، کەچی لە قۆناغی دووەمی خیلافەتەکەیدا کەوتە بەردەم نیگەرانی گەورەی بەشێك لە ویلایەتەکان و دەوروبەری. گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە ئاماژە بەو بۆشاییانە کراوە، کە لە نێوان دەقە تیۆرییەکان و هەنگاوە کردەییەکاندا هەبووە لە دانانی خەلیفە عوسمان دا. ئامانج لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، بگەینە بەرچاوڕونی بۆ چۆنییەتی دانانی خەلیفە لە ڕوانگەی تیۆریی و کردەیی، دوایی ببێتە دەروازەیەك بۆ تێگەیشتن لە سیستەمی دەسەڵات لە ئیسلامدا، لە نێوان ئەوەی لە مێژوودا هەبووە، لە هەردو بواری تیۆریی و کردەیی و لە هەردوو سەردەمی خیلافەتی ڕاشیدی و ئومەوییدا. لەم توێژینەوەیەدا بەپشت بەستن بە سەرچاوە بنەڕەتییەکان میتۆدیکی شیکاری ڕەخنەیی پەیڕەو کراوە. لە کۆتاییدا توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی لە دانانی عوسمان دا گیروگرفت لە ڕێککارەکانی داناندا نەبووە، هێندەی گرفتەکان لە هەڵکشانی تەمەنی عوسمان و لاوازبونی ئەو مەرجانەوە بوو، کە لەگەڵ تەمەن گۆڕانی لێ بەسەراد دێت، پرسی دەستلەکارکێشانەوەش بۆ دەرچوون لە گەمارۆ و نیگەرانییەکان بژاردەیەکی قەدەغەکراو نەبووە.

**وشەسەرەکییەکان:** تیۆر، خیلافەت، ڕەوایەتیپێدان، شورا، عوسمان

## ١. پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە (ڕەوایەتی پێدانی دەستەڵات لەنێوان دەق و جێبەجێکرندا، خیلافەتی عثمان بن عفان 23- 35ك/644–656ز وەك نمونە). توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە لەنێوان ئەو دەقە شەرعییانەی لەڕوانگەی قورئان و سوننەت و دیدگای زانایانی بواری سیاسەتی شەرعییەوە هەیە، لەسەر چۆنییەتی ڕەوایەتی پێدان بە خەلیفە، دانانی (عثمان بن عفان)مان وەکو نمونە وەرگرتووە، مەبەستمانە لێرەدا ئەوە ڕون بکەینەوە، کە ئەو بۆشاییانە کامەنن، لەبنەڕەتەوە لەگەڵ مەرج و ڕێککارەکان نەگونجاو بووە، هەتا نیگەرانی لە سەر خیلافەتەکەی دروست بووە، یان ئەو ڕێوشوێنە یەدەگانە کامانەن دەبوایە بگیرایەتە بەر لەڕێککارەکان بۆ ڕێگری لە نیگەرانییەکان، پاشان ئایا نیگەرانییەکان کاردانەوەی ناتەواوی بووە لە مەرج و ڕێککارەکان یان هۆکاری دیکە بووە.

سیستەمی دەستەڵات لە ئیسلامدا لەڕوی تیۆرییەوە پانتاییەکی فراوانی لە سەرچاوەکدا گرتووە، پرسی ڕەوایەتی پێدان بەدەستەڵات پرسیکی ئاڵۆز و بۆچوونی جیاوازی لە سەر بووە، بەڵام دواجار بێجگە لە گروپی شیعە، هەموو گروپە ئیسلامییەکانی دیکە کۆك بوون، کە ئەم پرسە لە ڕێگەی متمانەی مسوڵمانانەوە یەکلایی دەبێتەوە، کە ئەم شێوازە نزیکە لە سیستەمی پێشکەوتوی ئەم سەردەمە، کەچی نەیتوانیوە لە ڕوی کردارییەوە بەردەوام بێت، ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت دەروازەیەك بێت بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە.

ئەم توێژینەوەیە لە چوار تەوەرە پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم لە ڕوی تیۆرییەوە باس

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ٢ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٠ ئەیلول ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ٨ تشرینی یەکەم ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٨ تشرینی یەکەم ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: kamaran.aziz@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ کامەران جەمال حەسەن و کامەران عەزیز عەبدوڵا، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp94-102

لە میکانیزم و مەرجەکانی دانانی خەلیفە کراوە لە سیستەمەمی فەرمانڕەوایەتی ئیسلامییدا، هەرچی تەوەرەی دووەمە قۆناغەکانی دانانی عوسمان بە خەلیفە و وردەکارییەکانی تایبەت بە دانانی شرۆڤە کراوە، لە تەوەرەی سێیەمدا، چارەنوسی خیلافەتی عوسمان و ئەنجامەکانی ئاژاوەگێڕی ڕونکراوەتەوە، تەوەرەی چوارەم و کۆتایي تەرخانکراوە بۆ ڕەنگدانەوەی مەرج و ڕێککارەکان لە سەر خەلیفە (عثمان بن عفان) و پرسی دەستلەکارکێشانەوە.

لەم توێژینەوەیەدا ئەو دەقەی (البداية و النهاية)ی (ابن كثير)دا هاتووە، وەکو دەقی سەرەکی پشتمان پێ بەستووە، لەسەر چۆنییەتی دانانی عوسمان بەخەلیفە، دوایي بەراوردمان کردووە لەگەڵ ژمارەیەك سەرچاوە بنەڕەتییەکانی دیکە لە سەرچاوەکانی سیاسیەتی شەرعی و سەرچاوە مێژووییەکان و سەرچاوەکانی تایبەت بە فەرمودەو شوێنەواری هاوەڵان. جیاوازییەکانمان دیاریکردووە، بۆ ئەو شرۆڤەو لێکدانەوە تازانەی لە سەر ئەو پرۆسەیە هەیە پشتمان بە کۆمەڵێك سەرچاوەی تازەو توێژینەوەی زانستی بەستووە.

دیدێکی شیکاری و ڕەخنەگرانەمان لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوکردووە، ڕوداوە مێژووییەکان و دیدگا کەسییەکانمان هەتا لە سەر خودی خەلیفە عوسمان جیاکردووەتەوە لە بنەما جێگرەکانی ئیسلام، خۆمان بواردووە لە بەپیرۆزکردنی مێژو. ئەم توێژینەوەی بێ گیروگرفت نەبووە، لەوانە: چوارچێوەیەکی کۆنکریتی جێگیرمان لەسیستەمی فەرمانڕەوایەتیي ئیسلامییدا دەستناکەوێت لە سەر پرۆسەی ڕەوایەتی پێدانی خەلیفە و دەستەڵات، ئامانجی جێگیر هەیە، بەڵام میکانیزمی گۆڕاو هەبووە، ئەم گۆڕاوییەش لەگەڵ سروشتی بەرپرسیارییەتییدا دێتەوە، بەڵام زیاتر لەگەڵ لایەنە کردارییەکەیدا گونجاندویانە، پاشان لە سەرچاوەکاندا بیروبۆچوونی جیاواز لە سەر پرۆسەی دانانی خەلیفە عوسمان هەیە ، دوایي لە سەرچاوەکاندا لە بەر پاراستنی کەسایەتیي عوسمان، وەکو هاوەڵێکی نزیك لە پێغەمبەری خودا (د.خ) شیکاری بابەتیي لە سەرچاوە بنەڕەتییەکاندا زۆر کەمە، کە نیگەرانی فراوانی لێکەوتەوە.

سەرەڕای نەبوونی زاراوەی ستاندارد بەرانبەر وشە عەرەبییەکان، چۆنییەتی مامەڵە لەگەڵ وشەو ناوە عەرەبییەکاندا، لێرەدا زۆر لە زاراوە بنەڕەییەکانی وەك (أهل الحل و العقد) و (البيعة) و وەکو خۆی بە ڕێنوسی کوردی دەنوسینەوە، بۆ ناوەکان ئەگەر ڕاناو یان ئامرازی پەیوەندیي لەگەڵ هاتبوو، بە عەرەبی و لە نێوان دوو کەوانەمان داناوە، ئەگەر نا بە ڕێنوسی کوردی نوسیومانەتەوە.

## تەوەرەی یەکەم: خیلافەت و خەلیفە، ئەرك و مەرج و ڕێککارەکان

خیلافەت و خەلیفە لە سیستەمی دەستەڵاتی ئیسلامیدا بۆ جێگرەوەی پێغەمبەری خودا (د.خ) لە ڕاییکردنی کاروباری (ئایینی) و (دونیایي) هاتووە. لەو بارەیەوە خەلیفە (ابوبەکر) لە نێوان (11- 13ك/632- 634ز) ، گوتویەتی" خەلیفە بۆ شوێنگرەوەی کەسێکە لە ناو ئومەتەکەیدا نەماوە" ئەویش مەبەست لە پێغەمبەر بووە (د. خ)(ابن تيمية،1994: 51). لە مێژوی دەسەڵاتی سیاسیي ئیسلامییدا (ابوبکر صديق) یەکەم کەس بووە، بووەتە خەلیفە، وتویەتی: "من جێگرەوەی خودای گەورە نیم، بەڵکو جێگرەوەی پێغەمبەری خودام"المـاوردي، 2006: 23؛العشماوي، 1992: 95-98). سەرەڕای ئەوەش(خیلافەت)و (خەلیفە) وەکو هەرەمی دەسەڵات و بنەمای سەرەکیي سیستەمی دەسەڵاتی ئیسلامی ئەژمار کراوە، زۆرترین پانتایي لە سەر فەرمانڕەوایەتییدا، لە سەرچاوەکاندا باسی خەلیفە و پێشەوایەتی بووە. لەوبارەیەوە (الماوردي) نوسیویەتی: "بابەتی خیلافەت و جێگرەوەی پێغەمبەر (د.خ) واتە: پاسەوانی ئایین و بەڕێوەبردنی دونیا"(2006: 13). هەروەها (ابن خلدون) ئاماژەی داوە بەوەی: "خیلافەت ئەرکی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دونیایە بە تێڕوانینی شەرعی، لە پاڵ ئەوەدا ئایندەی کاروباری مسوڵمانانی لە سەر شانە. لە ڕاستییدا خەلیفە پارێزەری ئایین و بەڕێوەبردنی دونیایە"(2004: 365/1) بەمجۆرە لە زۆر لە سەرچاوەدا گوزراشتی پاسەوانیەتی ئایین و بەڕێوەبردنی دونیا "حراسة الدين و سياسة الدنيا" وەکو ئەرك و ناساندنی خەلیفە هاتووە(الماوردي، 2006: 15؛البغدادي، 1928: 283/1-291؛القلقشندي، د.ت: 8/1؛ابن الازرق، 1977: 192/1؛البدوي، 1986: 92-97). کەواتە: زاراوەی خەلیفە، وەک پەیکەری سەرەوەی فەرمانڕەوایەتیي ئیسلامی، لە داهێنانی فەرمانڕەوایەتیي ئیسلامییە و لە شوێن و جێگەی شارستانییەتی دیکەدا بەکارنەهاتووە.

خەلیفە بەدەستەڵاتی فراوانەوە، نیشانەی یەکپارچەیي و سەروەری وڵاتی ئیسلامی بووە، بۆیە لە یەك کاتدا نابێت مسوڵمانان لە یەك خەلیفە زیاتریان هەبێت(المـاوردي، 2006: 29؛ابويعلى، 2006: 25؛ابن حزم، 1996: 151/4؛التفتازاني، 1998: 233/5)، لە لایەکی ترەوە(المـاوردي) پاساوی دانانی خەلیفەی بەستووەتەوە بۆ دورکەوتنەوە لە ئاژاوە (تجنتب عن الفتن) یان "وجبت بالعقل لما طبائع العقلاء من اسلم لزعيم يمنعهم من التظالم ويفصل بينهم في التنازع و التخاصم، و لولا الولاة لكانوا فى فوضى و مهملیين"(2006: 15). واتە: بە عەقڵ واجب بووە، چونکە سروشتی ژیرەکانە، هەتا خۆیان ڕادەستی دەستەڵاتدار بکەن بۆ ڕێگری لە ستەمکاری و یەکلایي کردنەوەی ناکۆکی و خۆپاراستن لە دوژمن، ئەگەر بەرپرسیاریەتی نەبێت بێسەرەوبەرەیي جێگەی دەگرێتەوە، بۆیە دانانی خەلیفە لە سەر مسوڵمانان بە واجب دانراوە(ابويعلى، 2006: 19) (التفتازاني) لەو مەبەستانەوە دەستی پێکردووە، ئەگەر خەلیفە نەبێت خەڵك لە پێداویستییە بنەڕەتییەکانیدا پەکی دەکەوێت. وەکو: پاراستنی سەنگەرەکان و ئامادەکاریي سوپا بۆ جیهاد و زۆر کاروباری دیکەی پەیوەست بە ڕێکخستنی وڵات(1998: 235/5-237). .

زانایان کۆمەڵێك خاڵییان بۆ دیاریکردوین لە ئەرکەکانی خەلیفە هەموو پەیوەندی بە پاراستنی شەریعەت و ئایین و بەڕێوەبردنی دونیا و جێگیرکردنی دادگەرییەوە هەبووە(المـاوردى، 2006: 20-41؛ابويعلى، 2006: 27-28؛التفتازاني، 1998: 236/5-237؛ابن الازرق، 1977: 89/1-91؛القلقشندي، د.ت: 39/1-41؛الهيتمي، 2008: 94-95)، لە بەرانبەردا ئەرکی مسوڵمانانە گوێڕایەڵی خەلیفە بکەن و لە بەرانبەر ئەرك و بەرپرسیاریەتییدا ئارامگر بن(المـاوردي،2006: 42؛ الطريقي، 1997: 84-89).

لەو بارەیەوە زانایان کۆمەڵێك مەرجیان داناوە، کە دەبێت لە خەلیفەدا هەبێت، وەکو (دادگەری، شارەزایي و زانایي، ساغی لاشە، ساغی هەستەوەرەکانی وەکو بینین و بیستن، کارامەیي لە بەڕێوەبردنی وڵات، پارێزەری بەرژوەندییەکانی مسوڵمانان پاشان ڕەمزی یەکپارچەیي بێت و لە هۆزی قوڕەیش بێت)(المـاوردي،2006: 19-20؛الباقلاني،2002: 250-261؛ابويعلى، 2006: 28؛الجويني،1950: 426-427؛القلقشندي،د.ت: 31/1-37؛ابن الازرق،1977: 72/1). سەرەڕای مەرجەکانی پێگەیشتویي و مسوڵمانییەتی و نێرینەیي و ئازادبوون، لە پاڵ ئەوەدا مەرج و وردەکاری دیکەش هەبووە، یان هەندێك لە مەرجەکان کۆدەنگی لە سەر نەبووە، وەکو مەرجی قوڕەیشی بوون، کە لە سەرەتاوە تەنیا لە لای خەواریجەکان بە مەرج وەرنەگیرابوو، بەڵام دواتر لەلای ژمارەیەك لە زانایانیش بەهێند

وەرنەگیراوە(البغدادی،1995: 433-461؛الباقلانی، 2002: 289؛ ابن خلدون، 2004: 371/1)، یان سازش کردن لەسەر دانانی کەسی باش لەحالەتی بوونی باشترین کەس لەناو مسوڵماناندا، یان مەرج نییە خەلیفە دادگەر بێت(ابن حزم، 1996: 181/4-184؛البغدادی، 1928: 297/1؛النووي،1991: 47/10)

بێجگە لە گروپی شیعە هەموو سوننەو هەموو گروپەکانی دیکەی ئیسلامی لە سەر ئەوە کۆکن، دانانی خەلیفە بە دەق شەرعی بۆ هیچ کەس و بنەماڵەیەك یەکلایی نەکراوەتەوە(البغدادي،1928: 280/1؛ابن خلدون،2004: 373/1؛الاكبر،1971: 22). کەواتە لە ڕێککارەکانی جێگیرکردنی خەلیفەو ڕەوایەتی پێداندا هاتووە: دانانی خەلیفە ئەرکی ئەهلی حەل وعەقدە(1)، پاشان ئەو کەسەی شایستە بە مەرجەکانی خەلیفایەتی دەبێت(2006: 17؛2006: 19؛التفتازانی،1998: 233/5)، وەکو لە سەرچاوەکاندا هاتووە ئەهلی حەل و عەقد، دەستەیەکە پێکدێت لە زانایان و سەرۆکەکان و پیاوە ژیرو دیارەکان و ئەوانەی خاوەنی پێگەن(القلقشندی، 1913: 7/2؛النووی،1991: 43/10؛ ابن خلدون،2004: 368/1؛الطريقي، 1419: 28؛الشهري، 2008: 22-23).). ئەندامانی ئەو دەستەیە بە مەرجی خواناسی و دادگەری و زانایی و دەستڕۆیشتووی دەبێت(الماوردی، 2006: 17-18؛الطريقي، 1997: 23-30).

بێجگە لە دانانی خەلیفە بە دەستەڵاتەکانی دیکەی ئەو دەستەیە ڕوون نیە، ئایا ئەوانە دەستەڵاتیان وەکو دەستەی چاودێر دەمێنێتەوە یان هەڵدەوەشێتەوە، لەگەڵ ئەوەدا ڕوون کراوەتەوە، کە خەلیفە لەسەر (بێ باوەڕی) و لە دەستدانی مەرجی لەش ساغی و توانای بنین و بیستن، لە ئەرکەکەی دوور دەخرێتەوە(الباقلاني، 1987: 479؛رباع، 2004: 124) یان بەدیلی کەوتە دەستی دوژمنانەوە، خەلیفە نامێنێت(القلقشندي، د.ت: 42/1؛النووي، 1991: 49/10)، بەڵام بە ڕوونی دیاری نەکراوە، ئەگەر بۆ خۆی وازی نەهێنا کێ دەتوانی لە ئەرکەکەی درووی بخاتەوە.

## تەوەرەی دووەم: قۆناغەکانی دانانی عوسمان بە خەلیفە و وردەکارییەکانی

### یەکەم. هەنگاوی یەکەم بۆ دانانی عوسمان

(عثمان بن ابي العاص بن امية بن عبدالشمس) لە تیرەی ئومەیە بووە، عوسمان لەوبارەیەوە ڕچەشکێنی ناو تیرەکەی خۆی بووە، لە سەرەتای بانگەوازی ئیسلامدا مسوڵمان بووە، کۆچی کردووە بۆ حەبەشە و دوایی بۆ مەدینە، پیاوێکی دەوڵەمەند بووە، لە نزیکەکانی پێغەمبەر بووە (درودی خودای لێت)(العقاد، 2005: 30-31،50) لە دوای خیلافەتی (عمر بن الخطاب)دا، لە نێوان (13-23ك/634-644ز)، عوسمان لە کۆتایی ذی الحجەی ساڵی (23ك/644ز بۆ 18/زیلحیجەی ساڵی (35ك/656ز) خەلیفە بووە، ماوەکەی دەکاتە (12) سال، شەش ساڵی یەکەمی خیلافەتەکەی ئارام و ئاسایی بووە، دوای نارەزایی لە سەر خیلافەتەکەی پەیدابوو، نارەزاییەکان گۆڕا بۆ بزوتنەوەیەکی ئاژاوەگێری (الفتنة) و فشار بۆ سەر شاری مەدینە و خەلیفە (عثمان بن عفان)یان کوشت(حسن، 1996: 290/1؛الهاشمی، 2002: 316). پاشان هەڵبژاردنی خەلیفە عوسمان لە ئاکامی نەخشەیەك بووە، خەلیفە عومەر لە پێش مردنی نەخشەی بۆ کێشابوو(ابن كثير، 1992: 145/7-146).

لێرە بۆ کۆی دانانی پرۆسەی (عثمان ) بە خەلیفە، دەقەکەی (ابن كثير) دەکەینە، بنەما، کە نوسیویەتی: کاتێك لە ژێر فشاری هاوەڵان داوایان لە عومەر کردووە، تاوەکو زیندووە جێنشین بۆ دوای خۆی دابنێت، عومەر وتبوی: ئەگەر (ابوعبيدة الجراح)[1] یان (سالم بن الحبيبة)ی مەوالییەکەی (ابوحذيفة)ی لە ژیاندا بوونایە ئەو ئەرکەم بە یەکێك لەو دووانە دەسپارد. پاشان فەرمانی داوە بە پێکهێنانی دەستەیەکی (7) کەسی، لەوانەی پێغەمبەر (درودی خودای لێ بێت) لە ژیاندا مابوو لێیان ڕازی بووە، هەتا لە نێوان خۆیاندا بەڕاوێژ و زۆرینە کەسێك دابنێن.

بەمجۆرە لە دوای مردنی عومەر بە پێی پلانەکە ئەو لیژنەیە کۆبووەوە، ئەندامەکانی بریتی بوون لە: "عثمان بن عفان، علي بن ابي طالب لە (40ك/661ز) مردووە، عبدالرحمن بن عوف لە (32ك/653ز) مردووەو، سعد بن ابي وقاص لە(55ك/674ز) مردووە، الزبير بن عوام لە (36ك/656ز) مردووە، طلحة بن عبيدالله لە (36ك/656ز) مردووە، عبدالله بن عمر لە (73ك/693ز) مردووە" ڕێنومایی و هەنگاوەکانی عومەر بەمشێوەیە بووە:

1- دەرفەتی سێ ڕۆژی دانابوو بگەنە ئەنجام.

2- لەوماوەیەدا (صهيب بن سنان رومي) لە (38ك/659ز) مردووە، لە شوێنی خەلیفەدا پێشنوێژی بکات.

3- هەریەك لە (مقداد بن اسود)و (ابوعبيدة الانصاري) بەهێزێکەوە پاسەوانی و چاودێری شوێنی کۆبونەوەکە بکەن و کەس سەردانیان نەکات.

4- (عبدالله بن عمر) بۆ ڕاوێژکردن ئەندامی لێژنەکە دەبێت، بەڵام پاڵێوراو نابێت.

5- (سعيد بن زيد) بەپێوەرەکان دەبوایە بەشدار بووایە، چونکە لە ئەو (10)کەسە بووە، کە مزگێنی بەهەشتیان پێدرابوو، بەڵام عومەر بەشداری پێ نەکرد، چونکە ئامۆزای خۆی بووە.

6- ئەو حەوت کەسە بە زۆرینە دانانی خەلیفە یەکلایی بکەنەوە، ئەگەر لە دابەشبوونی دەنگدان وەك یەك دەرچوو (عبدالله بن عمر) ناوبژیوان بێت، ئەگەر بە ناوبژیوانی ئەو ڕازی نەبوون، ئەو لایەنەی (عبدالرحمن بن عوف)ی لەگەڵدایە بەزۆرینە ئەژمار بکرێت.

ڕاستەوخۆ، لە دوای کۆچی دوایی (عمر بن الخطاب) هەنگاوەکان دەستی پێکرد، بەڵام هێشتا خەلیفەی تازە دیاری نەکراوە، ئەو پرسیارە کرا، ئەی کێ لە مەدینە پێش نوێژی بۆ مسوڵمانان بکات ؟ عوسمان یان عەلی. لەو کاتەدا (عبدالرحمن بن عوف) وتی: عومەر فەرمانی کردووە سوهەیب پێشنوێژی بکات، لە دوای ناشتنی عومەر کۆبونەوەی لیژنەکە دەستی پێ کردوە(ابن كثير، 1992: 57/8).

### دووەم: : ئەنجامی گفتوگۆکان

لێرەوە دووبارە دەگەڕێینەوە بۆ لای (ابن كثير) کە نوسیویەتی: لە سەرەتای گفتوگۆکان لەسەر دانانی خەلیفە هەتا کۆتایی ئەو سێ ڕۆژە نەگەیشتنە ئەنجام، لەسەرەتاوە زوبێر و تەلحە و سەعد دەستبەرداری بوون، ئەو ئەرکەیان ڕوبەڕوی ئەوانی دیکە کردەوە، پێشنیازی زوبێر بۆ عەلی بوو، پێشنیازی تەلحە بۆ عوسمان بوو، سەعد ڕوی لە عەبدولڕەحمان بوو، لێرەدا عەبدولڕەحمان بێ نیازی خۆی لەو پۆستەدا ڕاگەیاندو مایەوە عەلی و عوسمان. سەعد لەدوای پێشنیازەکەی خۆی لەنێوان عەلی و عوسمان بۆچوونی نەبووە، مایەوە عەبدولڕحمان، بەڵام ئەو پەلەی نەکردووە لە بڕیاردان، هەر یەک بە جیا (علي) و (عثمان)ی دواند.

لە (علي) پرسیوە کێ بە باش دەزانێت؟

وتی: عوسمان

لە (عثمان)ی پرسی کێ بە باش دەزانیت؟

**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp94-102

وتی: عەلی.

عەبدولڕەحمان پەلەی نەکردووە و بۆ بەرچاوڕونی زیاتر ڕاوێژی بە دەرەوەی لیژنەکە کردووە.

عەبدولڕەحمان لە کۆبوونەوەکان هاتە دەرەوە و دەربارەی هەردووکیان، بە تاک و کۆ و بە نهێنی و ئاشکرا، خەڵکی ئاسایی و سەرکردە و کەسە دیارەکانی دواندووە، ڕای هەمووانی مەبەست بوو، هەتا ڕای ئەو ئافرەتانەی لە کاتی بوکێنی دابوون، ڕای منداڵ و کۆیلەکانیشی وەرگرتووە، پرسی بەو ڕێبوارانەش کردووە، کە لە ماوەی ئەو سێ شەو و ڕۆژەدا هاتوچۆی مەدینەیان کردووە، کەسێک نەبووە عەلی یان عوسمان پێش یەکتر بخات، تەنیا عمار و میقداد نەبێت، (علي)یان بە باشتر زانیوە، کە لەگەڵ خەڵکەکەی دوایی بەیعەتیان داوە، عەبدولڕەحمان سێ شەو و ڕۆژ هەوڵیدا، کەم دەخەوت و نوێژی دەکرد و لە خودا دەپاڕاوەیە و داوای دەکرد بەرچاوڕونی پێ بدات، پرسیاری لە خاوەن بیروبۆچوونەکان کردووە، کەس نەبوو لە نێوان ئەو دوو پەربژێرە باشتری بۆ دیاری بکات. لە بەرەبەیانی کۆتا شەو، کە دەچووە ڕۆژی چوارەم، چووە ماڵی (میسور بن مخرمة)ی خوشکەزای. پێی وت: سێ ڕۆژە کەم خەوتوم، هەڵسە بڕۆ (علي) و (عثمان)م بۆ بانگ بکە.

مەیسور وتی: خاڵە کامیان لە پێشتر بانگ بکەم.

وتی: بە ئارەزوی خۆت. لە سەرەتاوە چووە لای عەلی و پێی وت: خاڵم داوای تۆ و (عثمان)ی کردووە.

عەلی وتی: نەیوت لە پێشتر کامیان بانگ بکە؟.

وتی: نەخێر: پێی وتم ئارەزوی خۆتە. بە ڕێککەوت بەلای ماڵی (عثمان)دا تێپەڕی، بینی عوسمان نوێژی دەکرد، چاوەڕوانی کرد، هەتا تەواو بوو، پەیامەکەی خاڵی پێگەیاند.

عوسمان وتی: نەیوت: کامیان لە پێشتر بانگ بکە؟

وتی: نەخێر، پێی وتم: بە ئارەزوی خۆت. گەڕامەوە خاڵم نوێژی دەکرد، تەواو بوو پێشوازی لە هەردووکیان کرد.

پێی وتن: پرسیاری زۆرم لە خەڵکی کردووە. کەس دادوەری لە نێوانتاندا نەکردووە و فەزڵی یەکێک لە ئێوەی بەسەر ئەوەی دیکەدا نەداوە، بەڵێنی لە هەردووکیان وەرگرت، ئەگەر ئەو بڕیاری کۆتاییدا، هەردوولا پابەند بن. دوایی عەبدولڕەحمان هەموو موهاجیرو ئەنسارەکان و مەدینەو فەرماندە سەربازییەکانی بانگ کردە مزگەوت، مێزەرەکەی وەکو مێزەری پێغەمبەری خودا لە سەر بەست، شمشێرەکەی بە دەستەوە گرت، ڕوی لە موهاجیر و ئەنسارەکان کرد، مزگەوت جمەی دەهات لەقەرەبالغی، بەڕیز ڕێکیخستن و پێش نوێژی بۆ کردن، هەتا ئەوەندە قەرەبالغ بووە عوسمان شوێنی بەرنەکەوت و لەدواوە نوێژی دابەست.

پاشان عەبدولڕەحمان چووە سەر مینبەری پێغەمبەر (درودی خودای لێ بێت) ماوەیەکی زۆر بە بێدەنگی وەستاو زۆر لە خودا پاڕایەوە، بە جۆرێك کەس گوێی لێ نەبوو، دوای ئەوە قسەی کرد. وتی: ئەی خەڵکینە بە نهێنی و ئاشکرا زۆرم پرسیار دەربارەی ئەو دوو کەسە کردووە، کامەیانتان پێ باشترە، عەلی یان عوسمان؟ باشترینیان بۆ دیاری نەکردم. پاشان وتی: عەلی هەڵسە، عەلی هەڵسا و چووە لای مینبەرەکەوە. عەبدولڕەحمان وتی: تۆ بەڵێنم پێدەدەی لە سەر پابەندی بە کتێبی خودا و سونەتی پێغەمبەرەکەی (د.خ) و ڕێبازی ئەبوبەکر و عومەر؟ وتی: بەخودا ئەوەی لە توانا و تێگەیشتنم دابێت بەڵێ. دەستی خستنە ناو دەستی، ڕویکردە عوسمان و هەمان پرسیاریشی لە ئەویش کرد. عوسمان وتی: سوێند بە خودا بەڵێ. عەبدولڕەحمان سەری بەرزکردەوە بۆ ئاسمانی مزگەوتەکە و وتی: خودایە گیان شایەدی دەدەم، خودایەگیان شایەتی دەدەم، خودایە گیان شایەتی دەدەم، ئەوەی لە سەر شانم بوو، خستمە گەردنی عوسمان. بەخەڵکەکەی وت: بەیعەت بدەنە عوسمان. عەبدولڕەحمان چووە لای مینبەرەکەوە و عوسمان بە تەنیشتییەوە بوو. خەڵکەکە پۆل پۆل هاتن بەیعەتیان دایە عوسمان، عەلی یەکەم کەس یان دەڵێن دوا کەس بووە بەیعەتی داوەتە عوسمان(ابن كثير، 1992: 146/7).

زۆر لە مێژونوسان دەڵێن: عەلی گلەیی لە عەبدولڕەحمان کردووەو پێی وتووە: فێڵت لێکردم، (عثمان)ت دانا، چونکە لێتەوە نزیکبوو، پێکەوە ڕاوێژتان کردووە. عەبدولڕەحمان وەڵامی داوەتەوە، بە خوێندنی ئایەتی (فَمَن نَّكَثَ فَإِنَّمَا يَنكُثُ عَلَىٰ نَفْسِهِ ۖ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِمَا عَاهَدَ عَلَيْهُ اللَّهَ فَسَيُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا)(الفتح: 10) واتە: هەرکەسێك پەیمان بشکێنێت، بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە، هەر کەسێك پابەندبێت بەو بەڵێنەی بە خودای گەورەی داوە، پاداشتی گەورە وەردەگیرێت " (ابن كثير، 1992: 7/145-146) ئەم دەقەمان پێ تێروتەسەلتر بووە، ئەگینا لەسەرچاوە بنەڕەتییەکانی پێش (ابن كثير) دواتر، بەم ناوەڕۆکە و بە دەربڕینی جیاوازە هاتووە(ابي شيبة،2015: 21/157-158؛البخاري،2002: 1781؛ابن سعد،1997: 3/256-258؛المقدسي،د.ت:5/191-193؛البيهقي،2003: 8/259-260؛غنام،2019: 224-225).

## سێیەم: وتاری دوای بەیعەتی گشتی

لە دوای بەیعەت پێدانی عوسمان چووەتە سەر مینبەرو وتویەتی:

"هەموومان بەکاتی لێرەین، وەکو گردبونەوەی ناو قەڵایەکین بۆ گواستنەوە بۆ ژیانی کۆتایی دانراوین، چەندەی دەتوانن پەلە بکەن لە ئەنجامدانی چاکە، چۆن هاتوون بە هەمان شێوە دەگەڕێینەوە بۆ لای خودا، بەیانی بێت یان ئێوارە، دونیا هیچ نییە تەنیا لە خۆبایی بوونی مرۆڤەکانە، بۆ خودا بژین و لە خۆبایی مەبن، پەند وەربگرن بەوەی ڕابورد، وریا بن و بێ ئاگا مەبن، ئەوانەی پێش ئێوە بۆ کوێ چوون، براکانتان زەوییان ئاوەدان کردەوە، ماوەیەکی زۆر لەزەتیان لە دونیا وەرگرتووە، دوایی مردون، واز لە دونیا بهێنن، وەکو خودای گەورە بەبێ بایەخ بۆی وێنا کردون، کاربکەن بۆ دوا ڕۆژ، دوایی نمونەی بەئایەت هێناوەتەوە(البخاري،2002: 910-912؛ابن كثير،1992: 3/46؛الهيتمي،2008: 318).

بە پێی سەرچاوەکان یەکلایی کردنەوەی خیلافەتی عوسمان بە زۆرینەی سادە بووە، بەڵام بە هۆی تێکگیرانی زانیاری سەرچاوەکان ژمارەی پشتگیری کارانی هەریەك لەو دوو پاڵێوراوە لەدەرەوەی ئەنجومەنی حەوت کەسییەکە دیار نییە، پاشان ئەمە بووەتە کەرەستەی ناکۆکی مێژونوسەکان، بەتایبەتی لەسەرچاوە شیعییەکاندا.

لەگەڵ ئەوەدا زۆربەی سەرچاوەکان لەگەڵ ئەو دەقەی (ابن كثير) دێتەوە بەڵام هەندێك جیاوازی بنەڕەتیش لە هەندێك لە سەرچاوەکاندا هەیە، وەك جیاوازییەکان لەلای (البخاري) نوسیویەتی: "مەیسور وتویەتی، پێش ئەوەی خاڵم داوای عەلی و عوسمان بکات، داوای (سعد) و (زوبير)ی کردووە، هەرسێک پێکەوە ڕاوێژیان کردووە، دوایی منی ناردووە بە دوای عوسمان و عەلی و پاشان لە کاتی ناردن بەدوای (علي)دا، مەیسور دەڵێت: خاڵم هەندێك لە عەلی دەترسا"(2002: 1781) یان عەبدولڕەحمان بە عەلی وتووە: خەڵک زیاتر بەلای (عثمان)دا بوون، هەروەها لە کاتی بانگکردنی ئەو حەوت کەسە، عومەر بە عەلی وتووە ئەگەر تۆیان هەڵبژارد، نەوەی هاشم نەکەیتە بار بە سەر خەڵکەوە و بە (عثمان)نیشی وتووە نەوەی موعیت (بني معيط) نەکەیتە بار بە سەر خەڵکەوە(ابي شيبة،2015:

166/21،158؛البيهقي،2003: 260/8،253؛ابن قتيبة،1990: 45/1).

ئەم جیاوازیانە لە لای (المسعودي) هەندێك گەورەتر بووە، بۆ نمونە لەباسی پێکهێنانی دەستەکەو ڕێڕەوی گفتوگۆکان، وەکو سەرچاوەکانی دیکە هێناویەتی، تەنیا لە کۆتاییدا نوسیویەتی: "عەبدولڕەحمان دوای ئەوەی وتارێکی درێژی داوە، بەیعەتی داوەتە عوسمان، چونکە خزمی بووە" (1938: 253/2). لەوبارەیەوە (اليعقوبي) دەڵێت: "لەوکاتەی عەبدولڕەحمان بەڵێنی لە عوسمان و عەلی وەرگرتووە پابەندی کردون بە فەرمایشتەکانی خودا و پێغەمبەری خوداو ڕێڕەوی هەردوو خەلیفەی پێشو، عەلی وتویەتی: بۆ یەکەم و دووەم بەڵێ، بەڵام بۆ سێیەمیان سەرنجم هەیە. (میقداد بن اسود) و (ابوذرِ بن الغفاري) نارازی بوون بەیعەت بە عوسمان بدەن و یەکێک لەوان بە عەلی وتووە: لە دوای یەکلاییکردنەوەی خیلافەت بۆ عوسمان، ئەو دووانە نیگەرانیان دەربڕیوەو عەلی و بنەماڵەکەیان بە شایستەتر زانیوە بۆ ئەو ئەرکە" (1358: 140/2-141). (بن قتيبة)ش ئاماژەی داوە: "لە پێش ئەوەی عەبدولڕەحمان بەیعەت بە عوسمان بدات بە عەلی وتووە: ئەی عەلی تۆ هیچ ڕێگەیەکت لەبەردەم دانییە شمشێر نەبێت" (1990: 45/1). ئەم سێ سەرچاوەی دوایی بەتایبەت (المسعودي) مەیلی بەلای شیعەدا بووە.

هەر لەوبارەیەوە (المقدسي) نوسیویەتی: (عبدالله بن سعد بن ابى سرح) وتویەتی: "ئەگەر ناتانەوێت قوڕەیش پەرتەوازە بێت، پشتگیری عوسمان بکەن، عمار وتویەتی: ئەگەر دەتانەوێت خەڵک ناکۆکی نەبێت، بەیعەت بدەن بە عەلی. دوایی (عبدالله بن سعد بن ابي سرح) وەڵامی داوەتەوەو پێیوتووە: ئەی فاسقی کوڕی فاسق تۆ ئامۆژگاری مسوڵمانان دەکەیت، دەتەوێت ڕاوێژت پێبکەن، لەو گفتوگۆیەدا ماڵباتی هاشم و ماڵباتی ئومەییە دەنگیان لێك بەرز کردۆتەوە و ناکۆکییەکان زیایکردووە"د.ت: 191/5). ساغکردنەوەی زانیارییەکان لە سەر ئەو پرۆسەیە لەسەرچاوە بنەڕەتییەکاندا ئاسان نییە، نکۆڵی لە جیاوازییەکان ناکرێت، هەتاوەکو ئەو دەقەی (ابن كثير) کە پشتمان پێ بەستووە، لە کۆتای باسی ئەو پرۆسەیەدا نوسیویەتی: زانیاری جیاواز لە سەر ئەو پرۆسەیە هەیە و خوای گەورە دەیزانێت، چەندی ڕاستە(1992: 145/7-146)

## چوارەم: ڕێوشوێن و چۆنیەتی شورا

1. عومەر بە گوزارشتی دەستپێك ویستویەتی، ڕێز بۆ هەنگاوی خەلیفەی پێشخۆی و شایستەیی (ابوعبيدة) و (سالم) دابنێت.
2. ڕاوێژ بە ئەو حەوت کەسە کراوە و شەش کەسیان مافی بەربژێریان هەبووە، بەڵام لە سەرەتاوە پەنجەی ئاماژە لەسەر هەر یەک لە عەلی و عوسمان بووە.
3. عومەر ویستویەتی کاریگەری خوێن و خزمایەتی لەو پرۆسەیەدا دوربخاتەوە، بۆیە (سعيد بن زيد)ی ئامۆزای بەشداری پێنەکرد و ڕێگەی نەدا (عبدالله)ی کوڕی پاڵێوراو بێت.
4. لە کۆتاییدا عەبدولڕەحمان بووە ناوەندی یەکلاییکردنەوە، کە لە سەرەتاوە عومەر ئەو مافەی پێدابوو، بەڵام لە سەرەتاوە دەستەڵاتی خۆی بەکارنەهێنا، لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا لە دەرەوەی ئەندامانی دەستەکە ڕاوێژی کردووە، بازنەی ڕاوێژکردنی بۆ دانانی خەلیفە فراوانکردووە(العجلان، 2009: 236).
5. ئاسایشی ڕۆژانی کۆبوونەوە لە ڕێگەی (ابوطلحة الانصاري) و (میقداد بن اسود) ڕێنومایی توند ئامادەکرابوو، لە ئەگەری ناکۆکییدا چی بکەن(ابن ابى شيبه، 2015: 171/21).
6. ئەو ڕیوشوێنە یەدەگانەی عەبدوڕحمان لە ڕۆژانی کۆتایی گرتییە بەر دووبارە ڕێککاری توندوتۆڵکردن بوون، وەکو: دوو جار بەڵێن و پەیمان بەجیا لە هەر یەك لە عوسمان و عەلی وەرگرت پابەندبن بە ئەنجامەکانەوە،
7. گفتوگۆکان، بەتایبەت دوا ساتەکانی بڕیاردانی کۆتایی ڕاشکاوانە بووە، بەشاهیدی هەموو ئامادەبووانی مزگەوت بووە، ئەمەش پابەندی بە ئەنجامەکانیەوە توندوتۆڵتر کردووە.

ئەوانەش لە پرۆسە ی دانانی عوسمان بەخەلیفە بەشداربوون، بێجگە لە ڕۆڵی خەلیفەی پێشخۆی بەدانانی لیژنەکە، ئەو حەوت کەسەی بەشداربوون و مافی یەکلایی کردنەوەیان هەبووە، لەسەر ئەو زانیارییانە لە سەر عەبدولڕەحمان هاتوە، پرس و ڕاوێژی بە زۆربەی خەڵکی مەدینە کردووە، ئەم پرسی دانانی خەلیفە وەکو پرسێکی گشتی ئەژمار کراوە.

## تەوەرەی سێیەم: چارەنوسی خیلافەتی عوسمان و ئەنجامەکانی ئاژاوەگێڕی

خیلافەتی عوسمان لە ماوەی شەش ساڵی یەکەمی تەمەنیدا بەئاسایی و ئۆقرەیی ڕۆیشتووە(الهاشمي، 2002: 316)، دوایی لە ویلایەتەکانی بەسرەو کۆفەو میسر بزاڤێکی نارازی لەدژی خیلافەتی عوسمان پەیدابووە، داوای گۆڕانکاری و چاکسازیان کردووە، هۆکارو ئەنجامەکان دەکرێت، لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

1. بەپێی هەندێك لە سەرچاوە تازەکان، هەندێك لە هۆزەکان لە دوای وەستانی فتوحاتی ئیسلامی بەدوای دەستکەوتەکانی خۆیانەوە بوون. لێرەوە بەرەنگاری والی و بەرپرسانی ویلایەتەکان بوونەوە، لەو بڕوایەدابوون بەرپرسانی مەدینە دەستیان بەسەر سامان و دەستەکەوتەکانی جەنگدا گرتووەو لەو ڕێگەیەوە دەوڵەمەندبوون(حسن،1996: 290/1: 104؛ابراهيم،1998: 261) سیاسەتی عوسمان زۆر لە سیاسەتی عومەر لە مامەڵەکردن، چونکە ئەو بەشداری زۆربەی قوڕەیش و هۆزە تازە مسوڵمان بووەکانی بە باش زانیووەو بەشداری پێکردون، ئەمەش بۆ هۆی سەرقاڵبوونی قوڕەیش و هۆزەکانی نیمچە دورگەی عەرەبی بەژیانی تازە، کە پێشتر عومەر ڕێگر بووە قوڕەیش و هۆزە عەرەبیە تازە مسوڵمانبووەکان بەلێشاو بەشداری فتوحات بکەن، لە ئەنجامی ئەوەدا جیاوازی چینایەتی پەیدابوو، هاوەڵان و دەستەبژێری قوڕەیش و ئەنسارییەکان بە ویلایەتەکاندا بڵابوونەوە، هاوەڵان لە مەدینە کەم بوونەوە(العقاد،2005: 72-73؛ابراهيم،1998: 232-236؛بلقزيز،2020: 117-118) لێرەوە نیگەرانی و داواکاری لە ویلایەتەکانی بەسرەو کۆفەو میسر سەریهەڵداوە.

لە سەرەتاوە داواکارییەکانیان لە شوێنی خۆیان لە ویلایەتەکان بووە، دوایی یەکیانگرتووەو بە کۆمەڵ بەرەو مەدینەی پایتەختی خیلافەت چوون.

پشتبەستنی زیاتری عوسمان بە ئەوانەی لە دوای فەتحی مەککەوە مسوڵمانبوون، هەندێك لە هاوەڵانی نیگەران کردووە، بۆشایی کەوتە نێوان چینی دەستەڵأتدارو خەڵکی ئاسایی، دواجار ئەو نیگەرانییە بووە بزاڤێکی نارەزایی و ئاژاوەگێڕی ناوزەردکرا(المحزون،2007: 201-205؛الصلاحات،2007: 70)

2. لەگەڵ گەیشتی بە کۆمەڵی خەڵکی ئەو سێ ویلایەتە بۆ مەدینە، بۆ ماوەی چوار ڕۆژ ماڵی خەلیفەیان گەمارۆدا، لەو ماوەیەدا ژمارەیەک لە هاوەڵان و کوڕەکانیان لە هەوڵی پاراستنی خەلیفەدا بوون، بۆ ئەوەی خوێن ڕشتن ڕونەدا، خەلیفە نەیوستووە بە زەبری هێز بەرگری لە خۆی بکات (ابن ابي شيبة،2015: 176/21-177) لە سەر داوای خەلیفە هەندێك لە هاوڕێ نزیکەکانی دورکەوتنەوە، وردە وردە بازنەی گەمارۆ لە سەر ماڵی خەلیفە تەسک بووەوە، هەتا لە ڕۆژی 18ی ذی الحجەی (35ك/656ز) لەماڵەکەی خۆی خەلیفەیان کوشت(ابن كثير، 1992: 7/185-

DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp94-102

187؛الهاشمي،2002: 324-331).

3. ئاژاوەگێڕەکان داوایان لەخەلیفە کردووە دەست لەکاربکێشێتەوە، ئەویش نەداواکاری ئاژاوەگێڕەکانی بە ڕاست زانیووە و نەدەستی لەکارکێشایەوەو نەبڕوای بەبەرگری لە خۆکردن هەبووە، وەک دەڵێن: خەلیفە عوسمان بۆ چارەسەری گیروگرفتەکان ستراتیژێکی ڕونی نەبووە(بلقزیز،2020: 139-143) زیاتر گوتاری ئایینی و ئامۆژگاری بووە.

4. وەك بەدیاردەکەوێت عوسمان لە نیوەی دووەمی تەمەنی خیلافەتەکەیدا بەهۆی تەمەن و شێوازی فەرمانڕەوایەتییەکەیەوە دەستەوەستان بووە لە هەمبەر چارەسەری گیروگرفتەکان، لەو نێوەندەشدا نزیکبونەوەی خزمەکانی و پێدانی ئیمتیازات و دەستکراوەییان لە کاروبارەکان، هەندێك لە والی و بەرپرسەکان و خەلکی نیگەران کردبوو، ژمارەیەك لە هاوەڵان لەوبارەیەوە گلەییان لێکردووە(حسین،2013: 130). بەپشتبەستنی بە کەسێکی وەکو (الولید بن عتبة)ی ئامۆزای، کە لەگەڵ قوڕەیشیە بێباوەڕەکان بەشداری لە شەڕی (بەدر) کردبوو، لە دوای ڕزگارکردنی شاری مەککە مسوڵمان بووە، پێغەمبەر (د.خ) گلەیی لێی هەبووە(ابن کثیر،1992: 214/8؛حسن،1996: 291)، (مروان بن الحکم) کە لە ساڵی (65ك/685ز) مردووە، لەسەردەمی خەلیفە (عمر)دا لەگەڵ باوکی بە هۆی هەڵویستەکانیانەوە لە مەدینە دورخرابوونەوە و خۆشەویستی هاوەڵان نەبووە، بەڵام خەلیفە عوسمان کردبوویە ئەمینداری خۆی(ابن کثیر،1992: 171/7؛المودودی،1978: 64-65؛الغزاوي،1936: 69؛العشماوي،1992: 130-133) پاشان (الولید بن عتبة) ئامۆزای و (عمر بن عمیر)ی خاڵی بەدوای یەکدا لە جیاتی (ابوموسی الاشعري)[2] لە بەسرە کردبووە والی. (عبدالله بن ابي سرح)ی برای شیری لە جیاتی (عمرو بن عاص) لە میسر کردبووە والی(الدینوري،د,ت: 139؛الشهرستانی،1993: 34-35؛الذهبي،د.ت: 311-319؛المودودي،1978: 64-65) لە کاتێکدا لە ئەوان شایستەتر هەبووە.

5. بەشێکی ئەم بزاڤە پەیوەندیی بە دەستی ئاژاوەگێڕییەوە هەبووە، لەگەڵ دواکەوتویی هۆزە عەرەبە تازە مسوڵمانبووەکاندا(الهاشمي،2002: 316-317) یان کاردانەوەی هۆزە ناقوڕەیشییەکان بەرانبەر دەستەڵاتی قوڕەیش، بەڵام بەشەکەی دیکەی بەرانبەر سیاسەتی کاردانەوە بووە.

هەندێك نارەزاییەکان زیاتر بە چەند هۆکارێکی خودی دەبەستنەوە، بۆ نمونە گوایە (طلحة بن عبیدالله) و (زبیر بن العوام) و (عائشة بنت ابوبکر)ی خێزانی پێغەمبەر (د.خ) خەڵکیان لە دژی خەلیفە عوسمان هاندابێت(ابن مسکویە،2003: 279/1؛الغزاوي،1936: 84-85) یان (عبدالله بن سبأ) کوفەو بەسرەو میسر گەڕاوە، ویستویەتی بچێتە شام ڕێگەی پێنەدراوە، پڕوپاگەندەی کردووە، کە (علی بن ابی طالب) دوا پێغەمبەر بووە، پاشان کاریگەریی لە سەر (ابي ذر الغفاری) و (عمار بن یاسر) و چەند هاوەڵێکی دیکە هەبووە لەدژی عوسمان(العود،1412: 48-50؛العسکری،1956: 1-3) بەڵام ئەوەی لەسەر (ابن سبأ) هاتووە، تەنیا چەند گێڕانەوەیەکە، سەرەتاکەی بۆ (الطبري) دەگەڕێتەوە، ئەو گێڕانەوانەش بە پێی توێژەرەکان لاوازن و جێی متمانە نین، زیاتر (بن سبأ) کەسێکی وەهمی بووە(العسکري،1956: 33-34؛امحزون،2007: 213-228) پێمانوایە زەقکردنەوەی ئەم ڕۆڵی (ابن سبأ) زیاتر بۆ دورکەوتنەوە بووە، لە هۆکارە ڕاستەقینەکان، ئەگینا ئەوەی توێژەرێك باسی کردووە، یەك کەس لە یەك کاتدا لە حیجاز و بەسرا و کوفە و میسر کۆبکاتەوە، ئەو هەموو دەستەڵاتەی هەبووبێت بە سەر هەزاران کەس لە هاوەڵان و خەڵکی دیکەد ا بوروژێنێت، ئەمە گەورەکردنی زۆری بۆ (ابن سبأ) تێدایە (العود،1412: 167-205) لە توانای تاك دا نییە، ئەوەی ئیسلام هێناویەتی و دروستی کردووە کەسێك هەڵیبوەشێنێتەوە.

هۆکارێکی دیکەی گرنگ لە دەرهاویشتەی سیاسیەتی خەلیفە (عثمان)، پشتی بەخزمەکانی بەستووە و نیگەرانی هاوەڵە نزیکەکانی لێکەوتبووە، ئەمە ناکۆکی و خەم ساردی دروستکردووە، لەکاتی تەنگانەکەدا پشتگیری نەبوون(الشهرستانی،1993: 34؛النجار،د.ت: 347-350)، بەلای کەمەوە یەك هەڵویست نەبوون بەرانبەر ئەو قەیرانەی توشی خیلافەتی ئیسلامی و ناوەندی دەستەڵات بووەتەوە

## تەوەرەی چوارەم: خەلیفە (عثمان بن عفان) و ڕێککارو مەرجەکان و پرسی دەستلەکارکێشانەوە

له چوارچێوەی ئامانج و مەبەستەکانی دانانی خەلیفەدا، عومەر لەسەرەتاوە ئامۆژگاری (علي) و (عثمان)ی کردووە، کامەتان بووە خەلیفە خانەوادەکەیان دەستکراوە نەکەن بەسەر خەڵکەوە، پاشان هەموو ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ تۆکمەبوونی پڕۆسەی دانانی خەلیفەی تازە گرتیەبەر بۆ مەبەستی، زامنی پاراستنی ئەحکامی شەرعی و سنورەکانی ئایین و پاشان بەڕێوەبردنی دونیا بووە.

عومەر لە سەردەمی خیلافەتی خۆیدا وەك (المسعودي) نوسیویەتی: ڕێگەی نەداوە عەجەم بێنە ناو شاری مەدینەوە(2005: 252/2)، بە هاتنی (أبولؤلؤ) و هاوڕێکانی، کە دواجار (عمر)یان کوشت، قبوڵکردنی (أبولؤلؤ) لە مەدینە لە سەر داوای (المغیرة بن شعبة) بووە، داوای کردبوو، کۆیلەیەکی دەستڕەنگینی هەیە، دارتاش و ئاسنگەر و نەقاشە، ئەگەر لە شاری مەدینە نیشتەجێ ببێت، سودی دەبێت، ئەویش قبوڵی کردووە(المسعودي،2005: 252/2). ئەو مەبەستەی عومەر لە سەردەمی خەلیفە عوسمان کاڵ بووەوە، بە هۆی تەمەنەوە بووبێت یان بڕوای جیاوازی عوسمان بووبێت لەشێوازی بەڕێوەبردندا، ئەو ئارامی و ئۆقرەییەی خیلافەتی لەپێناودا هاتووە، لە نیوەی دووەمی خیلافەتی عوسمان کەوتە مەترسییەوە، خەلیفە عوسمان نەیتوانییوە زاڵبێت بەسەر ئاریشەکاندا.

ماوەی خیلافەتی عوسمان نزیکەی دوازدە ساڵ بووە، لەکاتی شەهیدبوونی تەمەنی (82) ساڵ بووە(المسعودي،2005: 260/2)، کەواتە لە تەمەنی (70) ساڵیدا بەیعەتی پێدراوە، لەو کاتەدا (7) ساڵ لە خەلیفەی پێش خۆی بە تەمەنتر بووە. لە کاتی وەرگرتنی پۆستی خیلافەت (24) ساڵ تەمەنی لە عەلی ڕکابەری گەورەتر بووە. بۆیە لە سەر عوسمان هاتووە، هەرچەندە پیاوی خواناس و دیندار بووە، بەڵام لە بەڕێوەبردنی وڵات و چارەسەری کێشەکان بە توانا نەبووە، بەتەمەن بووەو نەیتوانیوە کاروبارەکان ڕاپی بکات(حسن،1996: 217/1). خزمەکانی بۆ دروستکردنی هەژمون بە سەر جومگە گرنگەکانی دەستەڵاتدا لە نەرمی و هەڵکشانی تەمەنی عوسمان دەرفەتیان هێناوە، ئەمەش نیگەرانی لێکەوتۆتەوە(زیدان،2012: 76/1).

مەرجەکانی خەلیفە بۆ عوسمان لە سەرەتای خیلافەتییدا زۆر باش بووە، بەڵام وردە وردە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن کۆمەڵێك مەرجی لەدەستداوە، وەکو لەشساغی و ساغی هەستەوەرەکان، لەمەرجە بەرپرسیاریەکانی وەکو ئازایەتی و کارامایی، کە لێرەوە ئەم خەسڵەتانە بۆ چەسپاندنی دادگەری پێویست بوون، چونکە ئەو مەرجانە زیاتر پەیوەندییان بە مەیدانی کردەیی و چست و چالاکی لەبەڕێوەبردنی وڵاتەوە هەبووە، نەک دیدی خەلیفە بۆ دادگەری یان کارامەیی، بۆیە لە شەش ساڵی یەکەمی خیلافەتی بە باشی کاروبارەکانی بەڕێکردووە، لە شەش ساڵی کۆتاییدا گیروگرفتی

بۆ دروستبووە(اليجی،د.ت:298-299) لە ڕوی مەرجەکانی دیکەوە عوسمان پیاوێکی ئازاد و پێگەیشتوو بووە، لەیەکێک لەتیرە بەهێزەکانی قورەیش بووە، پیاوێکی زانا و شارەزا بووە بەزانست و تەفسیر و خاوەن ئیجتیهاد بووە(اليجی،د.ت: 305-328) لە بەرانبەردا عوسمان پیاوێکی دیندارو نەرم و خوداپەرست و دونیا نەویست و سەخی بووە(بن كثير، 1992: 7/ 195؛الهاشمي،2002: 276-279). ئەوەی جێی سەرنجە پێمانوایە:

یەکەمیان: عەلی ڕکەبەری عوسمان بووە، هەردووکیان لە پێشەنگی هاوەڵەکانی پێغەمبەر (د.خ) بوون. بابەتی باشترین لەنێوان دوو بەربژێر هەردووکیان لە ڕوی مەرجەکانەوە لە یەکتر نزیك و هاوئاست بوون.

دووەمیان: لەوتەی سەرەتاییەکەی بۆ دانانی میکیانیزمی خەلیفەی دوای خۆی، عومەر ئاماژەی داوە و جەختدەکاتەوە لە سەر دروستی شێوازی ئەبوبەکر لە دانانی خەلیفەدا و هاوکات هەستی کردووە، ئەو کۆدەنگییە لە سەر کەسێك دروست ئاسان نییە بۆ جێگرەوە، بۆیە عومەر ئەو ئەرکەی بە دەستەیەك سپاردووە.

ڕاستە ئەو حەوت کەسەی عومەر دیاریکردن، هەموویان لە هۆزی قورەیش بوون، بەڵام لە پێشەکی قسەکانییدا ناوی (سالم بن الحبيبة)ی مەوالییەکەی (أبوحذيفة)ی بردووە، زانایان کەمترین هەڵوەستەیان لەسەرکردووە، ئەگەر لێی وردبینەوە ئەمە پێچەوانەی مەرجی قورەیشی بوونە، زۆربەی زانایان سازشی لە سەر ناکەن، چونکە (سالم) قورەیشی نەبووە، بەڵکو عەرەبیش نەبووەو لەبنەڕەتدا خەڵکی (ئوستوخر)ی وڵاتی ئێران بووە(ابن سعد، 1997: 62/3) (عمر بن الخطاب) یەکەم کەس بووە مەرجی قورەیشی بوونی لابردووە، چونکە ئاماژەی بەشایشتەیی (سالم) مەوالیەکەی (أبوحذيفة) کردووە، کە ئەگەر لە ژیاند بووایە دەیکردە خەلیفە(ابن سعد، 1997: 63-64).

ئەوەی زانایان لە پێکهاتەکەی ئەهلی حەل و عەقد باسیان کردووە، کە پێکدێت لەزانایان و سەرکردە سەربازییەکان و پیاوەکاریگەرەکان، ئەو پێکهاتەیە لەو دەستەیەدا بەوردی ڕەنگی نەداوەتەوە، گەرچی زانایان چوارچێوەیەکی جێگیر و ژمارەی جێگیرییان نەداوە بۆ ئەهلی حەل و عەقد، بەڵام دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی، ئەو هەنگاوەی عومەر وەکو تایبەتمەندی عومەر بخەینەڕو، نەک وەکو چوارچێوەیەکی کردەیی جێگیر بۆ دوای خۆی بوو بێتە بەڵگەی شەرعی و ئەوانی دوای خۆی بە هەمان ڕێککار خەلیفە دیاری بکەن، لە ڕوی کردەییەوە ئەو شێوازە دووبارە نەکراوەتەوە.

لێرەدا ئەگەر بەراوردی مەودای ڕاوێژکردن و قۆناغەکانی ئەو ڕێککارانە بکەین، دانانی خەلیفە عوسمان لە هەمووان زیاتر مەودای گفتوگۆی ئارەزومەندانەو ڕاوێژکردن و ڕاشکاوی پێوەدیار بووە، بەڵام بۆچی عومەر زیاتر جێگای ڕەزامەندی و بێ ئاریشەتر بووە لە ماوەی فەرمانڕەوایەتیەکەی، ئەمە بەشی زۆری بۆ توانا و بوونی مەرجەکان دەگەڕێتەوە نەك ڕێککارەکان، واتە ئەوە پتەوی مەرجەکان بووە بۆ عومەر کە خیلافەتەکەی بێ گرفت بووە، کە فروانی مەودای ڕاوێژکردن و بەپێچەوانەوە مەودای ڕاوێژکردن بۆ دانانی عوسمان فراوانتر بووە بەڵام لەدەستدانی هەندێك لە مەرجەکان بەهۆی تەمەنییەوە توشی ئەو قەیرانە بووەوە.

واتە بوونی مەرجەکان لە (عمر)دا بەهێزتر بووە وەکو لە عوسمان، تەمەن و لاوازبوونی مەرجەکانی خەلیفایەتی بەتایبەت لە ساڵانی کۆتایی تەمەنی بە ڕاوێژکردنی مەودا فراوان و گفتوگۆی ڕاشکاوانە قەرەبوو نەکرایەوە.

بۆ گفتوگۆی ئارەزومەندانە لە کاتی دانانی عوسمان دا (ابن تيمية) نوسیویەتی: "عوسمان ئارەزومەند نەبووە ببێتە خەلیفە، بەڵکو هەڵیان بژاردووە، هەموویان بەیعەتیان دایە و کەس دوانەکەوت"(2009: 105/1)، کەواتە ئەگەر بەشێکی سەرکەوتنی عومەر لە پشتگیری هەموو هاوەڵان و دوایی گوێڕایەڵیکردنی هەموویان و سەرکەوتنی لەکارەکانیدا، بۆ لێوەشاوەیی خۆی و بە توانایی دەگەڕێتەوە ، نەک تۆکمەیی زیاتر لە ڕێککارەکان، ئەوە بۆعوسمان بەپێچەوانەوە بووە، لە سەرەتاوە کەس لە بەیعەتدان دوانەکەوتووە، بەڵام لە دەستدانی بەشێك لە مەرجەکان خستییە سەر قەیرانێك قەرەبوکردنەوەی ئاسان نەبووە.

لە ڕۆژانی گەمارۆدا لە ذی الحجةی 35ك/656ز)، خەلیفە عوسمان داوای لێکراوە دەستلەکاربکێشێتەوە، بەڵام هەندێک لە نزیکەکانی بەباشیان نەزانیوە(ابراهيم،1998: 244-245) لە کاتێکدا لە وتاری دەستپێکی خەلیفەکانی ڕاشیدی خەڵک وەکو چاودێر بەسەر کاری خەلیفەوە باسکراوە، پاشان ئامانج لە دانانی خەلیفە بۆ دابینکردنی ئۆقرەیی بووە، لەوکاتەی خەلیفە نەیتوانیوە ئەو ئامانجە بهێنێتەدی، پرسی دەستلەکارکێشانەوە بژاردەیەکی خراپ نەبووە. ئەم بژاردەیەش سەرەڕای کاڵبوونەوەی هەندێك لە مەرجەکان، بەڵام مەرجێکی ڕاشکاوانەمان هەیە، بەوەی ئەگەر خەلیفە بە دیلی کەوتە دەستی دوژمن، مافی گوێڕایەڵی نامێنێت. (الجويني) بە ڕاشکاوی باسی ئەو حاڵەتەی کردووە، کە خەلیفە عوسمان لە دوای گەمارۆدانی ماڵەکەی دیل بووە، بە دەست ئاژاوەگێڕەکانەوە، بۆ کاتی گەمارۆدانی هەتا کوژرانی مافی گوێڕایەڵی لە دەست داوە(د.ت:96).

لەسەرەتاوە کۆمەڵێک ڕەخنەو سەرنجمان لە بەردەستدایە لەسەر دانانی عوسمان بەخەلیفە وەک: لە بەرەبەیانی کۆتایی لە مزگەوت لەناو نیگەرانی بەشێک لە ئامادەبووان دانراو و دابەشبوونی ئاشکرا هەبووە. لەو بارەیەوە مێژونوسان نوسیویانە: "سەرەتای دابەشبوون لە نیوان لایەنگرانی هەردوولا، (عمار بن ياسر) هەڵساوەو وتویەتی: ئەگەر دەتانەوێت یەکڕیزی خەڵک پارێزراو بێت، بەیعەت بە عەلی بدەن، (مقداد) وتویەتی: ڕاستت وت: ئەی عەمار، ئەگەر بەیعەت بە عەلی بدەن، گوێدەگرین و گوێڕایەڵیشی دەکەین، لەبەرانبەردا (عبدالرحمن ابن ابي سرح) وتویەتی: ئەگەر دەتانەوێت، خەڵک یەکڕیز بن، بەیعەت بە عوسمان بدەت، (عبدالله بن ابي ربيعة) پشتگیری کردووە و وتویەتی: ئەگەر بەیعەت بە عوسمان بدەن، گوێدەگرین و گوێڕایەڵی دەکەین" (المقدسي،د.ت: 191/5؛حسن،1996: 209/1). پاشان مێژونوسێك لە بابەت وتاری دەستبەکاربوونی عوسمان نوسیویەتی: عوسمان سیاسەتێکی ڕونی نەبووە مسوڵمانان لە شێوازی فەرمانڕەوایەتییەکەی دڵنیا بکاتەوە (حسن،1996: 210/1)، هەر ئەم ڕەخنەیە بووە دواتر زیادیکردووە بۆ بێ توانایی عوسمان لە بەڕێوەبردنی وڵات و دەستەوەستانی لە سنوردانان بۆ خزمەکانی.

ئەو ڕەخنانەی سەرچاوە شیعییەکان باسیان کردووە بەوەی عەبدولڕەحمان لایەنگریەتی عوسمانی کردووە، پاساوەکانییان ڕون نییە، چونکە عوسمان لە تیرەی ئومەوی و عەبدولڕەحمان لە تیرەی زوهرە بووە، لە ڕوی خزمایەتیەوە لە تیرەی هاشمەوە نزیکتر بوون(ابن تيمية، 2009: 268/1) (ابن الاثير)یش لەباسی یەکلاییکردنەوەی کورسی خیلافەت لە بەرژەوەندی عوسمان نوسیویەتی: عەبدولڕەحمان زاوای عوسمان بووە(2012: 445/2)، یەکلایی کردنەوەی خیلافەت بۆ عوسمان لە سەرەتاوە ئاسایی بووە، گەرچی توێژەر پێیوایە، شێوازی دانانی خەلیفە عوسمان و دەرهاویشتەکانی دەمارگیریی بۆ هەردوو تیرەی خانەوادەی هاشیم و خانەوادەی ئومەوی زیادکردووە(نوار،1996: 82). بە بۆچوونی ئێمە لە سەرەتای

دانانی عوسمان بە خەلیفە ئەو جیاکارییە لەنێوان ئەو دوو بنەماڵەیەدا بەو ئاستە گەورە نەبووە، هۆکاری سەرەکی لەو قەیرانە بۆ تەمەن و لەدەستدانی بەشێك لە مەرجەکان دەگەڕێتەوە، بەستنەوەی چارەنوسی خیلافەتی عوسمان بە ناکۆکی نێوان هەردوو تیرەی هاشیم و ئومەوی وەکو بەدیاردەکەویت زیاتر لەلایەن سەرچاوە هاوچەرخەکانەوە هاتووە.

## ئەنجام

یەکەم: خیلافەت لەئیسلامدا لە هەرەمی دەستەڵات بووە، زیاتر جێی بایەخ بووە، بە دەر لەوە حاڵەتی ناچاری لە ڕێگەی کۆمەڵێك مەرج و ڕێککارەوە خەلیفە ڕەوایەتی وەرگرتووە، کە دەرهاویشتەی وەرگرتنی متمانەی خەڵك بووە،.

دووەم: ڕەوایەتیدان بەخیلافەتی عوسمان بە بەراورد بە ئەوانی دیکە، زۆرترین گفتوگۆی ئارەزومەندانە کراوەو بەشداریکردن لە پرۆسەی ڕاوێژکردن لە هەمووان فراوانتر بووە، بەڵام لە ئاکامی بزوتنەوەیەکی نارەزاییدا کوژرا.

سێیەم: خاڵی یەکلایی نەکراوە لە پرۆسەی دانانی خەلیفە لە خەلیفە (عثمان)دا، بە لەبەرچاونەگرتنی تەمەنی خەلیفە بووە، لەو کاتەی بووەتە خەلیفە بۆ ساڵانی داهاتووی خیلافەتەکەی، بەشێك لە مەرجەکانی خەلیفەیەتی لەدەست داوە، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەتەمەنەوە هەبووە.

چوارەم: دانانی تیۆری فەرمانڕەوایەتی تایبەت بە دانانی خەلیفە، لەلایەن زانایانەوە درەنگ کەوتووە، بۆ سەردەمی خۆی ناتەواوی تێدا بووە، ئەوەی ڕویدا لە سەردەمی عوسمان لە دانان و دوایی نیگەرانییەکان دەکەوێتە پێش بە تیۆرکردنی سیستمی خیلافەت و ئەو پرۆسەی ئەنجام دراوە، لە ڕوانگەی ئەو بنەما گشتیانەوە بووە، کە لە دەقە شەرعییەکاندا هاتووەو دوو خەلیفەی پێشخۆی ئەزمونیان کردووە.

پێنجەم: ئەوەی هەیە لە سیستەمی خلافەت لە مێژودا و ئەوەی پیادەکراوە، بێجگە لە ئامانج و بنەما گشتییەکان ئەوەی دیکە زادەی قۆناغ و شوێنی خۆیەتی و بۆ قۆناغەکانی دواتر دەستنادات.

## لیستی سەرچاوەکان

القرآن الكريم

ابن الاثير، عزالدين ابي الحسن على بن ابي الكرم محمد بن محمد (2012)، الكامل في التاريخ، تحقيق: الدكتور عمر عبدالسلام تدمري، دار الكتب العربي، بيروت.

ابن الازرق، ابي عبدالله (1977)، بدائع السلك في طبائع الملك، تحيقق: دكتور على سامي النسار، منشورات وزارة الاعلام، بغداد.

الاشعري، ابي الحسن على بن اسماعيل (1990)، مقالات الاسلاميين واختلاف المصليين، المكتبة العصيرية، بيروت

الاكبر، ناشيء (1971)، مسائل الامامية، مقتطفات من الكتاب الاوسط في المقالات، شبكة كتب الشيعة، بيروت

الباقلاني، القاضي ابوبكر بن محمد بن الطيب (1987)، تمهيد الاوائل و تلخيص الدلائل، تحقيق: عمادالدين احمد حيدر، مؤسسة الكتب الثقافية، بيروت.

الباقلاني، القاضي ابوبكر بن محمد بن الطيب (2002)، مناقب الأئمة الاربعة، تحقيق: الدكتورة سميرة فرحات، دار المنتخب العربي للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت.

البخاري، الامام ابي عبدالله محمد اسماعيل (2002)، صحيح البخاري، دار ابن كثير، بيروت.

البغدادي، ابي المنصور عبدالقادر التميمي (1928)، كتاب اصول الدين، دار الفنون التركية، اسطنبول.

البغدادي، الشيخ المفيد الامام عبدالله بن محمد بن محمد بن النعمان (1995)، الارشاد في معرفة الله علي العباد، تحقيق: مؤسسة ال البيت للتراث، بيروت.

البيهقي، ابي بكر بن الحسين بن على (2002)، السنن الكبرى، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت.

التفتازاني، سعدالدين (1998)، شرح المقاصد في علم الكلام، تحقيق: دكتور عبدالله عميرة، مؤسسة شباب الجامعة، الاسكندرية.

ابن تيمية، ابي العباس احمد تقي الدين الحراني الدمشقي (2009)، منهاج السنة النبوية في نقض كلام الشيعة والقدرية، دار الكتب العلمية، طبعة 2، بيروت.

الجويني، الحرمين ابي المعالي، (د.ت)، غياث الامم في التياث الظلم، تحقيق: د.مصطفى حلمي و د. فؤاد عبدالمنعم، دار الدعوة للطبع والنشر و التوزيع، الاسكندرية.

ابن حزم، الامام ابي محمد على بن احمد (1996)، الفصل في الملل و الاهواء و النحل، تحقيق: الدكتور محمد ابراهيم نصر و الدكتور عبدالرحمن عميرة، دار الجيل، مؤسسة دار الكتب الثقافية، بيروت.

ابن خلدون، عبدالرحمن بن خلدون، (2004)، مقدمة ابن خلدون، تحقيق: عبدالله محمد دراويش، داريعرب، دمشق.

ابن خياط، ابوعمر خليفة بن خياط الليثي (1967)، تاريخ خليفة بن خياط، تحقيق: اكرم ضياء العمري، بغداد.

ابن سعد، محمد بن سعد منيع الهاشمي البصري (1997)، الطبقات الكبري، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، طبعه 2، بيروت.

الشهرستاني، ابي الفتح محمد بن عبدالكريم ابي احمد (1993)، الملل والنحل، تحقيق: عبدالامير علي مهنا و علي حسن فاعور، دار المعرفة، بيروت.

ابن ابي شيبة، الامام ابي بكر عبدالله بن محمد بن ابي شيبة العبسي الكوفي (2015)، المصنف، تحقيق: دكتور سعد ناصر بن عبدالعزيز ابوالجيب، دار الكنوز اشبيليا للنشر والتوزيع، الرياض

ابن قتيبة، الامام ابي محمد عبدالله بن مسلم الدينوری (1990)، الامامة والسياسة، دار الاضواء للطباعة والنشر، طبعة 3، بيروت.

القلقشندي، الشيخ ابي العباس احمد (د.ت)، ماثر الاناقة في معالم الخلافة، تحقيق: عبدالستار احمد فرج، عالم الكتب، بيروت.

ابن كثير، ابوالفداء الحافظ، الدمشقي (1992) ج8، 1990، البداية والنهاية، مكتب المعارف، بيروت.

الماوردي، ابي حسن بن محمد ابي حبيب البصري (2006)، الاحكام السلطانية، تحقيق: احمد جاد، دار الحديث، القاهرة.

المسعودي، ابي الحسن على بن الحسين بن على (2005)، مروج الذهب و معادن الجوهر، المكتبة العصرية، بيروت.

ابن مسكويه، ابي على احمد بن محمد بن يعقوب (2002)، تجارب الامم وتعاقب الهمم، تحقيق: سيد كسروي حسن، دار الكتب العلمية، بيروت.

المقدسي، مطهر بن طاهر (د.ت)، كتاب البدء والتاريخ، مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة.

النووي، محى الدين ابي زكريا (1991)، روضة الطالبين وعمدة المفتين، المكتب الاسلامي، طبعة 3، بيروت.

الهيتمي، شهاب الدين ابن حجر المكي (2008)، الصواعق المحرقة في الرد على اهل البدع والزندقة، تحقيق: عبدالله بن مصطفى بن العدوي، مكتبة فياض للتجارة والتوزيع، المنصورة.

ابي يعلى، محمد بن الحسين الفراء الحنبلي (2006)، الاحكام السلطانية، تصحيح: محمد حامد الفقي، دار الكتب العلمية، بيروت.؟؟؟

اليعقوبي، احمد بن ابي يعقوب بن جعفر بن وهب (1358)، تاريخ اليعقوبي، مطبعة الغري، النجف.

ابراهيم، د.ايمن (1998)، الاسلام والسلطان والملك، دار الحصاد للنشر والتوزيع، دمشق.

المخزون، د.محمد (2007)، تحقيق مواقف الصحابة في الفتنة من المرويات الامام الطبري و المحدثين، دار السلام للطباعة والنشرو التوزيع والترجمة، طبع 3، القاهرة.

البدوي، الدكتو اسماعيل (1986)، نظام الحكم الاسلامي مقارنا بالنظم السياسية المعاضرة، دار الفكر العربي، القاهرة.

بلقزيز، دكتور عبدااله (2020)، الفتنة والانقسام، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.

حسن، حسن ابراهيم (1996)، تاريخ الاسلام السياسي و الديني والثقافي والاجتماعي، مكتبة النهضة المصرية، طبعة 14، القاهرة.

حسين، طه (2012)، الفتنة الكبرى، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، القاهرة.

زيدان، جرجي (2012)، تاريخ التمدن الاسلامي، مؤسسة هندوي للتعليم والثقافة، القاهرة.

الصلاحات، دكتور محمد سامى (2007)، المعجم المصطلحات السياسية فى تراث الفقهاء، المعهد العالمى للفكر الاسلامى، القاهرة.

الطريقي، د.عبدالله بن ابراهيم (1419)، أهل الحل والعقد صفاتهم و وظائفهم، المكة الكرمة.

العجلان، فهد بن صالح، (2009)، الانتخابات و احكامها في الفقه الاسلامي، دار الكنوز اشبيليا للنشر و التوزيع، رياض.

العسكري، مرتضي (1956)، عبدالله بن سبأ، النجف.

العشماوي، المستشار محمد سعيد (1992)، الخلافة الاسلامية دراسة تأصيلية مقارنة، دار سينا للنشر، القاهرة.

العقاد، عباس محمود (2005)، ذو النورين عثمان بن عفان، نهضة مصر للطباعة والنشر، طبعة 5، القاهرة.

العود، سليمان بن فهد (1412) عبدالله بن سبأ وأثره في احداث الفتنة في صدر الاسلام، دار الطيبة، الرياض.

الغزاوي، محمود (1936)، مقتل عثمان بن عفان رضى الله عنه، طبعة 2، (د.م).

المطيري، حاكم (2013)، تحرير الانسان وتجريد الطغيان دراسة في اصول الخطاب السياسي القرأني والنبوي والراشدي، مؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.

المودودي، ابوالاعلى (1978)، الخلافة والملك، تعريب: احمد ادريس، دار القلم، الكويت

الهاشمي، عبدالمنعم (2002)، الخلافة الراشدة، دار ابن حزم للطباعة و النشر والتوزيع، بيروت.

نوار، دكتور صلاح الدين محمد (1996)، نظرية الخلافة او الامامة وتطورها السياسي والديني، دار المصارف، الاسكندرية.

اليحى، يحي بن ابراهيم (د.ت)، الخلافة الراشدة والدولة الاموية من فتح الباريء جمعا وتوثيقا، دار الهجرة للنشر والتوزيع، (د.م).

الشهري، عبدالله بن العوض بن عبدالله (2008)، عقد البيعة واثره في تحقيق الامن، الرسالة غير منشورة، قدمها الباحث الى قسم العدالة الجنائية، كلية الدراسات العليا لنيل شهادة الماجستير في جامعة نايف للعلوم الامنية، الرياض.

غنام، على (2019)، اختيار الخلفاء في العهد الراشدي، الرسالة غير منشورة قدمها الباحث لنيل شهادة الماجستير في التاريخ الاسلامي، جامعة باتنة / الجزائر.

## پەراویزەكان

[1] . (ابو عبيدة الجراح) لەسەرەتای بانگەوازی ئیسلامەوە باوەڕی هێناوە، كۆچیكردووە بۆ حەبەشەو دوایی بۆ مەدینە، یەكێك لەو (10) كەسەی مزگێنی بەهەشتیان پێدرابوو، لە بارەی (ابوعوبیدة)وە پێغەمبەر (درودی خودای لێ بێت) فەرمویەتی: هەموو ئومەتێك ئەمینداڕێكی هەیە، ئەمینداری ئۆمەتی ئێمە (ابوعبیدة)یە)(البخاري، 2002: 920)، ل ەساڵی (18ک/640ز) لە شام بە نەخۆشی تاعون مردوە(بن خياط، 1997: 109/1)

[2] . پێمانوایە (الاشعري 324ک/936ز) مردوە، بۆ یەكەم جار ئەهلی حەل و عەقد (اهل الحل و العقد)ی بەكار هێناوە(1990: 459) چونكە لە سەرچاوەكاندا دەستمان نەكەوت، كەسی دیكە لە پێش ئەو بەكاری هێنابێت، لە دوای ئەو (الباقلاني 404ك/1014ز) مردوە، بەكارییهێناوە(1987: 468؛2002: 34)، پاشان هەردوو زانای بواری سیاسەتی شەرعی (الماوردي)و (ابويعلى) لە سەرەتا و ناوەڕاستی سەدەی (5ك/11ز)یدا ژیاون، بە وردەكاری زیاترەوە بەكاریان هێناوە، كۆمەڵێك گوزارشتی دیكەش لەبەرانبەر ئەهلی حەل و عەقددا بەكارهاتووە: وەكو ئەهلی شورا، ئەهلی ئیختیار (الاختيار) و ئەهلی ئیجتیهاد (الاجتهاد) و ئەهلی مشورخۆرو خاوەن بیروبۆچوون و زانایان و هتد(؛الطريقي، 1419: 24) دەربارەی ژمارەی ئەندامەكانی و ئەو ژمارەیەی پرسی خیلافەتی پێ یەكلایی دەبێتەوە، بۆچوونی جیاوازی زۆر هەیە، بەڵام زیاتر لە ڕێگەی گفتوگۆ و لێكتێگەیشتنەوە دەبێت(الاشعرى، 1990: 460-461؛الباقلاني، 1987: 467؛ البغدادي، 1928: 281/1 ؛النووى، 1991: 43/10؛القلقشندى، د.ت: 1/42-44).